XXIII Congress of the Socialist International, Athens Global Solidarity:
The *courage* to make *a difference*
30 June-02 July 2008
**OPENING ADDRESS BY THE PRESIDENT OF THE SOCIALIST INTERNATIONAL, GEORGE A. PAPANDREOU**
..

## کۆبوونەوەی بیستوسێهەمینی ئینتەرناسیونالی سۆسیالیست، هاوپشتێتی جیهانیی ئەسینا:
## بوێریی بۆ گۆڕین و گۆڕانکاریی
٦/٣٠ – ٢٠٠٨/ ٧/٢
وتاری سەرۆکی ئینتەرناسیونالی سۆسیالیست جۆرج پاپا ئەندرو

برادەران، هاوڕێیان!
ئێوە لە یۆنانن و منیش شانازی بە بەخێرهێنانتانەوە دەکەم. ئێوەی نوێنەرانی بزووتنەوەیەکن کە لەو سەدەیەی دوواییدا لە هەر کەسێك زیاترتان کردووە بۆ ئەوەی تاکەکەس بخەنە ناوەندی پێشکەوتنی مرۆڤەوە. ئەمە ئەو بزووتنەوەیەیە کە [لە پراکتیکدا] خەڵکی خستووەتە ناو وشەی دیموکراسییەوە. "دیمۆس" بە زمانی یۆنانی بە مانای "خەڵك/گەل" دێت.
ئەمە ئەو بزووتنەوەیەیە کە خەباتی کردووە بۆ ئەوەی دەنگ بە بێ ـ دەنگان بدات.
ئەو بزووتنەوەیەی بەرەنگاری ئەو ئەفسانەیە بووەتەوە کە دێت و ماف بە کەمینەیەکی بچووك دەدات بێت و هەموو ئەوە بخاتە ژێر چنگی خۆیەوە کە زۆرینەیەك هەیانە، کە [ڕێگا بە خۆی بدات] بیری زۆربایەتی کۆنترۆڵ بکات و کە کۆنترۆڵی هەر شتێك بکات کە هەر یەکێك لە ئێمە بیڵێت.
ئەو بزووتنەوەیەی بەرەنگاری ئەو ئەفسانەیە بووەتەوە کە گوایا خەڵکان ناتوانن خۆیان بەڕێوە ببەن چونکە [گوایا] خەڵك ئەو زانست و زانیاریەی نییە کە بە باشیی خۆیان بەڕێوە ببەن.
ئەمە ئەو بزووتنەوەیەیە کە دەزانێت چەوساندنەوەی یەك تاکەکەس چەوساندنەوەی هەمووانە.
ئەمە ئەو بزووتنەوەیەیە کە ئەرکی گۆڕینی کۆمەڵگایەکی وەئەستۆ گرتووە - ئێمە خەباتمان بۆ رزگارکردنی هەموو مرۆڤەکان کردووە.
ڕزگارکردن لە نایەکسانیی، لە نادڵنیایی، لە ڕاوەدوونان.
ڕزگارکردن لە نەخوێندەواریی، لە هەژاریی و نەداریی، لە پەڕگیرێتیی (فۆندەمێنتاڵیزم).
ڕزگارکردن لە ئەشکەنجە، لە تیرۆر و شەڕ.
ئەو ئازادیانە مافگەلی ئێمەن.
ئازادیگەلێك کە توانای مرۆڤایەتیی لە گوردا دەهێڵێتەوە.
لەبەرئەوەیە ئێمە لەگەڵ بەرەی کۆنسەرڤاتیڤدا (بەپارێزدا) جیاوازین.
بۆ ئێمە [سیستەمی] باشبژیەتی بار نییە، بەڵکو ئازادیەکی پێویستە بۆ پێشکەوتن.
بۆ ئێمە مافی مرۆڤ ڕێگر نییە، بەڵکو ئازادیەکی پێویستە بۆ زامنکردنی دڵنیایی.
بۆ ئێمە خوێندن شتێك نییە کە تەنها بۆ جەند کەسێك بێت یان بە تایبەت بۆ ئەوانە بێت کە زرنگترینن و کە عادەتەن زەنگینترینیشن. خوێندن بۆ ئێمە ئازادیەکی پێویستە کە بە هۆیەوە بەهرەی دانسقە لە هەر تاکێك لە ئێمە دەهێنێتە دەر.
بۆ ئێمە پارێزگارییکردن لە ژینگە لە بەردەم گەشەی ئابووریدا ڕێگر نییە، بەڵکو هەلێکی نوێیە بۆ پێشخستنی ژیانێکی پڕ ماناتر، بەربەرەکانێیەکی گەورەتر و بارێکی ئابووریی زیاتر خۆگر.
کاتێك ئێمە سەرکەوتووانە بەهاکانی خۆمان لەگەڵ دیموکراسییدا پیکەوە خستە کار، توانیمان پێشکەوتن ببینین.
دەبینین گەلەکەمان، نە هەرئەوەندە کە نەبن بە قوربانیی پریاری خەلکانی دیکە، هەروەها بوون بە بنووسی مێژووی خۆیشیان،
بینیمان کە نیوەی کۆمەڵگای مرۆڤ، ئافرەتان، بوون بە خاوەنی دەنگ.
وڵاتانی کۆلۆنیکراو و ڕەگەزی چەوساوە ئازاد بوون.
پیاوان و ئافرەتانی کرێکار بوون بە خاوەن دڵنیایی.

کاتێکیش سەرنەکەوتین بینیمان گۆڕانکاریی دێت و دەستەڵات دەخاتە دەست چەند کەسێکەوە و سامانیش تەسلیم بە ژمارەیەکی کەمتریش دەکات.
ئەمڕۆ نابێت ڕێگا بە خۆمان بدەین سەرنەکەوین.
برادەران، چونکە ئێمە گەیشتوونەتە خاڵی وەرچەرخان.
خەباتی ئەمڕۆمان زۆر دوورتر لە خەباتی گۆڕانی کۆمەڵایەتی دەڕووات.
ئەوە خەباتێکە لە پێناوی مرۆڤایەتیدا کە حەتمەن دەبێت بوێرین بیکەین.
ئێمە ڕووبەڕووی گۆڕانکاریی کارەساتئامیز دەبینەوە، منداڵەکانمان لەوەش زیاتر.
گۆڕانی ئاووهەوا کە دەبێتە هۆی وشکێتیی، بەسەحرابوون یان لافاو.
ڕەقابەتی ناجڵەودار (بێ جڵەو) کە لە بازاڕێ جیهاندا بووەتە هۆی بەرزبوونەوەی لە ڕادەبەدەری نرخی خۆراك.
خڕبوونەوەی سامانێکی زۆر کە دەبێتە هۆی پەیدابوونی نایەکسانیەکی گەورە.
بڵاوبوونەوەی تەکنۆلۆژیەکی نوێ و زۆر کە دەبێتە هۆی سەرهەڵدانی شەڕی وێرانکارانە.
دەستەڵاتی دەر لە کۆنترۆڵی حوکمەت و شیرکەتەکان کە ماف و ئازادیەکان لەتوکوت دەکەن.
ئەگەر ویستی بەرەنگاربوونەوە دژ بەم دیاردانە پەیدا نەکەین، ئەوا ئەم دیاردانە دەبنە مایەی سەرهەڵدانی پشێوی و ئاژاوەی زۆر.
پشێوی بینینی وشکبوونی سەرچاوەی ئاوت، پشێوی وەدەرنان لە گوندەکەتدا کە ببیت بە یەکێك لە کۆمەڵێك پەناهێندە و وێڵ و سەرگەردانی ناوچەیەکی دوور بیت.
ئاییندەیەك کە ڕنگە مرۆڤ تیایدا دووچاری زەبروزەنگی ڕەگەزپەرستانە و نامۆنەیاریی (بیانیی نەیاریی/ غەریبنەیاریی) بێت.
پشێوی ئەوەی لە پڕێکدا بە خەبەر بێیت و خۆت لە هەژاریی و نەدارییدا ببینیتەوە و نەتوانیت بەشی تێربوون خۆراك بۆ خانەوادەکەت بکڕیت.
پشێوی لە لەدەستچوونی کار و بێهیوایی لەوەی کە بزانیت ناتوانیت کارێکی نوێ پەیدا بکەیتەوە.
پشێوی نایەکسانیی دژوارتر و دژوارتر.
پشێوی ململانێ لەسەر سەرچاوەی وزە.
ئەگەر بێت و نەتوانین کارێك بکەین ئەوا گەرمبوونی کورەی زەوی باری ئابووریی جیهان بە لە سەددا بیست کەم دەکاتەوە و سەدان ملیۆن مرۆڤ دهخاتە ناو مەترسیی وشکێتیی و وشکەساڵیی، لافاو و کەمبوونەوەی خۆراك و بەو شێوەیە دوو سەد ملیۆن پەناهێندەی کەژوهەوا دروست دەکات.
شایەد ئەم ژمارانە جێی مەترسیی بن، بەڵام ئەو نرخەی لە هیچ نەکردندندا دەیدەن زۆر لەسەرمان گرانتر دەکەوێت و لەوە زیاتر ترسێنەرە.
با ئەم ژمارانە بخەینە چواچێوەیەکەوە: هەبوونی ئاوی پێویست، بنکەی تەندروستیی و خوێندن بۆ وڵاتانی هەرە کەم پێشکەوتووی جیهان دەکاتە نێزیکەی ساڵانە ٨٠ ملیۆن دۆلار.
بۆ ساڵی ٢٠٠٩ ئەمەریکا ١٦٢ بلیۆن دۆلاری بۆ هەڵگرتنی خەرجیی شەڕی ئێراق و ئەفگانستان داناوە.
کاتێك لەو ژمارانە دەڕووانین بە زەحمەت مرۆڤ حاڵیی دەبێت کە ئاخۆ ئەرکە سەرەکیەکانی جیهان کێوە کەوتوون.
ئەرێ، لێرەدا خۆدژگۆیی و پارادۆکسێك هەیە.
مرۆڤ تا دێت زیاتر و زیاتر دەستەڵات و سامان و زانیاری و توانا کۆ دەکاتەوە. ئەدی بۆچی کۆمەڵگای جیهان ناتوانێت ئەو کێشانە چارەسەر بکات؟
ئێمەی سۆسیالیست و دیموکرات لە قووڵایی دڵماندا دەزانین کە چارەسەرێکی دیکە هەیە.
ڕێگایەکی دیکە هەیە. ئێمە ئاڵتەرناتیڤی باشتر و لەبارتر شك دەبەین.
ئێمەی مرۆڤ دەتوانین گەرمبوونی کورەی زەمین جارەسەر بکەین.
ئێمەی مرۆڤ دەتوانین سەرچاوەی وزەی لەنوێکردنەوەهات بدۆزینەوە.
ئێمەی مرۆڤ دەتوانین نەداریی و هەژاریی بکەین بە مێژوویەکی بەسەرچوو.
ئێمەی مرۆڤ دەتوانین خوێندن بۆ هەموو هاوولاتیانی خۆمان فەراهەم بکەین.
ئێمەی مرۆڤ دەتوانین تەکنۆلۆژیای نوێ بۆ هاووڵاتیانمان فەراهەم بکەین.

ئەرێ، لەو ڕێگایەوە دەستمان دەگاتە زانیاری و توانا کە پێشکەوتنی نوێ و مۆدێرنمان بۆ فەراهەم دەکات.
ئێمە دەزانین ئەمەی دەیڵێین ڕاستە لەبەرئەوەی بزووتنەوەکەمان لە زۆر وڵاتدا لەسەر ئاستی نەتەوەیی توانیویەتی ئەم ئامانجانە بپێکێت.
ئێمە دەزانین ئەمە ڕاستە چونکە ئەمە کرۆکی ئەوەیە کە خەباتی بۆ دەکەین.
ئەدی کەواتە چی دەمانوەستێنێت؟
ئێمە ڕۆژانە دوورکەوتنەوەی خەڵکی خۆمان لە دەستەڵاتی سیاسیی دەبینین و ئەمەش هەلی دەنگدان و بەشدارییکردن لە هاووڵاتیانمان دەستێنێتەوە.

- کەڵەکەبوونی سامانی بێ ئەندازە زۆر لە دەست چەند کەسێکی کەمینەدا کە دەکەونە ئەودیو بەرپرسیارێتیەوە.
- داگیرکردنی بازاڕ لەلایەن کەمینەکانەوە.
- داگیرکردنی دامەزراوە دیموکراتیکەکانمان وەکوو دادگاکان، حوکمەت، ئیدارەگەلی ناوخۆیی.،سیاسەتمەداران، کولتور و خوێندن لەلایەن شیرکەتی گەورە و میدیا و هێزی دیکەوە کە دامەزراوە دیموکراتیەکانمان دەخەنە مەترسیەوە.
- پاشتر، تەنانەت داگیرکردنی پارتەکانمان لەلایەن شیرکەتگەلی گەورە و میدیاوە کە دەبێتە هۆی پەیدابوونی گەندەڵیی و خراپیی بەڕێوەبردن.

من خۆم ئەمانەم لە یۆنان بە چاوی خۆم بینیووە. بینیوومە چۆن سیاسەت زیاتر و زیاتر لە باس و خواستە گرینگەکان داپراوە و کەوتووەتە ناو چنگی بەرژەوەندی دەستگای ئابووریی و میدیاوە.
ئەمە چەککردنی دەستەڵاتە لە هاووڵاتیانمان و دەبێتە هۆی پەیدابوونی نامۆیی و ترس.
نەوەی لاوانمان بە زۆریی دوو جۆر ڕێگا دەبینن.
بێدەربەستیی یان پەڕگیریی.
هیچ نەکردن یان باوەڕکردن بە هەبوونی مەسیحێك (ڕزگارکارێك)، بە فەندەمێنتالیزم، بە خوێنڕێژان و بە پەپولیستەکان.

برادەران،
نەیارانمان سیستەماتیکانە ترس و زانیاریی نادروست بۆ کۆنترۆڵکردنی جیهان بڵاو دەکەنەوە و بە کار دەبەن. ئێمە دەبێت بە بەردەوامیی هیوا و ڕۆشنگەریی بۆ تێگەیاندن و دەستەڵاتپیدان بە هاووڵاتیانمان بخەینە کار و توانایان ئازاد بکەین.
توانای داهێنەرانە، توانای بەرهەمهێنەرانە، بەڵام لەوەش زیاتر و گرینگتر توانای سازکردنی کولتورێکی نوێ بۆ هاوکاریی و هەرەوەزی کۆمەڵیی و بۆ بە کۆمەڵیانە چارەسەرکردنی گیروگرفت.
ئەرێ، کولتوری هاوپشێتی و ئاشتی.
کولتورێکي سیاسیی دیموکراسیی و بەشدارییکردن.
نەخێر، ڕۆڵی مێژوویيمان بەسەر نەچووە، بەڵکو لە هەر کاتێکی دیکە پێویستترە.
بەڵام دەبێت بڕیاردان بخەینە ناو چوارچێوەی دەستپێڕاگەیشتنی تاکەکەسەکان. بەوەش مەبەستم ئەوە نییە بڵێم یەك ژن و یەك دەنگ و یەك پیاو و یەك دەنگ. ئێمە ئیتر ئەو دەستکەوتەمان چنگ کەوتووە و بینوویشمانە چۆن ئەو کۆڵەکەیەی دیموکراسیی زۆر جار بە هاسانیی خراپ بەکارهێنراوە.
پێموایە وەڵامەکەمان لە قووڵکردنەوە و دووبارە داڕشتنەوەی بیری دیموکراتییدایە لە پراکتیکدا، و کە دەبێت ئێمەی خانەوادەی سۆسیالیست لە هەرە پێشەوەی ئەم پرۆسەیەدا بین.
لەبەرئەوەیە کە ئینتەرناسیونالی سۆسیالیست دەبێت بەردەوامیی بە فراوانکردنی بناخەی خۆی بدات و لایەنێکی گرینگی کۆمەڵگاکەمان بهێنێتە ژوور کە ناچارمان بکەن جیاواز و بە شێوەیەکی دیکە بیر بکەینەوە و کە لە ڕووانگای جوداوە لە کێشەکان پڕوانین.
ژنان، لاوان، کەمیاتیەکان و کۆچبەران کەسانێکن کە ڕووبەڕووی ئەو شێوە هیرارشیانە و بە زۆریی بیروکراسیانە دەبنەوە کە ئێمە هەمانە.
ئەوان ڕووبەڕووی دەستەڵاتی بێگومانمان دەبنەوە و داوا دەکەن لەگەڵیاندا بەشی بکەین.
دەشبێت بیکەین!

ئەوان ڕووبەڕوومان دەوەستن کاتێك ئێمە لەخۆرازیی دەبین، کاتێك دەبین بە بەشێك لە دامەزراوەیەك، کاتێك دەبین بە بەشێك لە ئیلیتێك (نوخبەیەك). ئەوان ڕووبەڕوومان دەبنەوە کاتێك کە دەبینن ئێمە هیچ هاوپشتییەك، هیچ توانا و لێهاتوویەك و هیچ شەفافیەتێك (ڕوونییەك) پێشکەش ناکەین.
ئەم گرووپانە بە زۆری لە دەستەڵات داماڵراون. دەبێت بەهێزیان بکەین و ویستە و توانایان پێ بگەیەنین.
ئەوان جۆرێك لە ئۆکسجینی نوێن بۆ تەندروستیی پارتەکانمان و بۆ ئینتەرناسیونالی سۆسیالیست.
هەر لەبەرئەوە گرینگە ئێمە بە دوای مۆدێلی سەوزی نوێدا بگەڕێین کە خەڵکمان لە دەست چاوبرسێتیی دەستەلاتی ناوەندگیر و لە دەست وابەستەبوون بە وزەی فۆسیلیی ڕزگار دەکات.
پێم خۆشە لێرەدا سوپاسی جێرمی ڕێتکین Jeremy Ritkin بکەم و بەخێری بهێنم. ئەو ئەمڕۆ مۆدێلێکمان پێ دەناسێنێت کە دیموکراسیی قووڵتر دەکاتەوە، چونکە دەستەڵات و هێز دهخاتە دەستی خەڵکەوە.
پێشنیار دەکەم کە ئەمڕۆ هەموومان گوێبیستی بین.
بێگومانیش، هەروەها دەبێت سوپاسی هەردوو ڕیکاردۆ لاگۆس Rickardo Lagos و یۆران پەرسۆن Göran Persson بکەم بۆ ئەو کارە دروستکار و داهێنەرانەی لە کۆمیسیۆنی جیهانێکی خۆگر Commission for a Sustaianable World - دا دەستیان پێ کردووە.
هەروەها گوێ لەوانیش دەگرین.
لەبەرئەوەیە ئینتەرناسیونالی سۆسیالیست دەبێت کاری خۆی لە ناوچەگەلی کێشەداردا درێژە پێ بدات و دیپلۆماسیی هاووڵاتیان بەهێزتر بکات.
تێگەیشتنی نوێ لە نێوان ئیسرائیلیەکان و فەلەستینیەکاندا کە زەمینەی ئیسرائیلێلی دڵنیاتر و دەوڵەتێکی فەلەستینیی خۆگر خۆش دەکات. ئێمە دەبێت بڕیاری دوێنێ بۆ گۆڕینەوەی زیندانیان لە نێوان ئیسرائیل و حیزبوڵادا بەخێربهێنین.
لەبەرئەوەیە ئێمە پێویستمان بە تێگەیشتنێکی نوێ هەیە. تێگەیشتنێك دەستەڵات بە یۆنانیی قوبرسی و بە تورکی قوبرسیی بدات کە لە ناو یەك دانە دەوڵەتی فیدڕاڵدا، بە پێی بڕیارنامەی نەتەوە یەکگرتووەکان یەك بگرنەوە و کۆتایی بە ٣٥ ساڵ لە داگیرکردنی ئەو دوورگەیە کۆتایی پێ بێت.
پێموایە ئێمە دەبێت پەیامێکی هیوا و پشتگیریی بگەیەنینە دەست هەردوو لە سەرۆکی کۆماری قوبرس دیمتری کریستۆفاس کە لەم ڕۆژانەدا چاوی بە کاك تاڵات، سەرۆکی تورکەکانی قوبرس، دەکەوێت.
با هەموو هیواخواز بین ئەو دیوارە بڕمێت کە لە مێژە ئەو دوورگەیەی لە یەك داپڕیوە.
لەبەرئەوەیە ئینتەرناسیونالی سۆسیالیست کارەکانی خۆی لە بالکان درێژە پێ بدات.
ئێمە ئامرازی پێکەوەگرێدانی هاوپەیمانی نوێی دیموکرات و پرۆئورووپیی بووین لە وڵاتی سێربیا.
من بەخێرهاتنی سەرۆکی پارتی ئەندامی ئینتەرناسیونالی سۆسیالیست هی ولاتی سێربیا کە ئەندامیمانە و هەروەها هاورێیانی هاوپەیمانیان کە هەر ئێستا لە ناو ئەم کۆنگرەیەدان دەکەم، بەڵێ، سەرۆکی سێربیا بۆریس تادیك کە ئەم ئێوارەیە دەگاتە یۆنان.
با هەموو سەرکەوتنیان بۆ بە هیوا بخوازین!
لەبەرئەوەیە ئێمە هەروەها پێویستمان بەوەیە کە بە دروستکردنی هاوپەیمانیی نوێ ئینتەرناسیونالی سۆسیالیست بەهێز بکەین.
پارتگەل و حوکمەتگەل و بزووتنەوەگەل لە سەرانسەری جیهان هەن کە لەگەڵ ئێمەدا هاوبیر و هاوئامانجن و دەتوانن ببن بە هاوپەیمانی زۆر گرینگ و تەنانەت ئەندامی ئینتەرناسیونالی سۆسیالیتیش.
هێزگەلی دیموکرات و پێشکەوتوخواز و برادەران لە هیندوستان، برازیل، ڕووسیا، چین، جیهانی عەرەب و ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا، و بە دڵنیاییەوە ئەو هیوایەی کە بەراك ئۆباما لەگەڵ خۆی هێناویەتی، هیوای بایەك بۆ گۆڕان کە هەموومان هیوامان هەبێت ئەو وڵاتە ڕۆڵێکی نوێ، ڕۆڵێکی پۆزەتیف بۆ گۆڕانکاریی و ئاشتیی ببینێت. ئێمە هیوای سەرکەوتنی بۆ دەخوازین.

لەم هاوپەیمانیە بەرینترەدا دەبێت لە یەکترەوە فێر ببین و کاریگەرانە چ سیاسیانە و چ ڕێکخراوەییش ڕووبەڕووی ئەم کێشە و گرفتانە ببینەوە،
لەبەرئەوەیە ئینتەرناسیونالی سۆسیالیست دەبێت دووبارە بیر لە شێوازی کارمان بکاتەوە.
ئێمە ڕێکخراوێکی گەورەمان هەیە.
ئێمە توانایەکی گەورەمان هەیە.
ئێمە لە هەر پارتیەکماندا، لە هەر حوکمەت و نەتەوەیەکماندا، خاوەن زانیاریی گەورەین.
ئێمە هێزی نوێ و هێزی کۆنمان هەیە، لە دەرەوە و لە ناوەوەی دەستەڵاتدا.
ئێمە خاوەن ئەزموونی گری ئۆپۆزیسیۆن و زرینگی حوکمەتداریەکانمانین.
ئێمە دەبێت ئەم ئەزموونە فرە گەورەیە لە ناو جیهاندا بڵاو بکەینەوە.
ئەگەر دەمانەوێت دەستمان بە کێشە و بە پرسە گڵوباڵییەکان (گێتیەکان)، بە دامەزراوە گێتیەکان و بە کۆمەڵگا نەتەوەییەکانی خۆمان بگات، دەبێت ببین بە ڕێکخراوەیەك کە بتوانێت چارەسەری سیاسیی پراکتیك بۆ هەموو پارتگەلی ئەندام و تاکەکەسی هاووڵاتیی بخاتە بەردەست.
لە سوپاسگوزارییمدا بۆ ئەو متمانەیەی پێتان داوم و هەروەها لە سوپاسکردنمدا لە لویس ئایالا Luis Ayala و لە هەموو ئەوانەتان کە لەگەڵمدا کارتان کردووە کە با ددانی پێدا بنێم – هەر هەمووتان – وا هەست دەکەم زیاترم پێیە پێشکەش بەم ڕێکخراوەیەی خۆمانی بکەم.
لەم دوو ساڵەی دواییدا توانیومە لە وردەکاریی گەورەدا لە سەروبنی بزووتنەوەی ئینتەرناسیونالی سۆسیالیست بگەم و چاوم بە زۆرێك لە ئێوە کەوتووە و لە حەز و ئارەزووتان بۆ بەرەوپیشەوە بزووان تێ دەگەم.
حەزی ئێوە بۆ کاری باش، بۆ مەشق بە سەرۆکەکان، بۆ تۆری پێوەندیی نوێ لە هاوکاریی بۆ مامەڵە لەگەڵ کێشەدا، بۆ بەشداربوونی زیاتر و ئامادەبوونی دروست.
ئەمانە، سەرەڕای هەموو ئەو کارە زۆرەیش کە دەیکەین، کە زۆریشمان کردووە، پێشتریەتیی نوێ و جیددی هەن کە ڕووبەڕووی سەرۆکایەتی نوێی بزووتنەوەکەمان دەبنەوە و چاوەڕێی مامەڵەن.
پێشنیار دەکەم کە سەرۆکایەتی نوێی هەڵبژێردراو ئەو خاڵە گرینگانە بخاتە پێش کە لەپێشترینن. سەرۆکایەتی نوێ دەبێت هەموو لایەنەکانی ئاییندەی بزووتنەوەکەمان بخاتە بەر باس.
دەبێت پلانی کۆنکرێتی قابیل بە تەماس بۆ گۆڕانکاریی پێویست بخەینە بەر دەست بۆ ئەوەی بتوانین مامەڵە لەگەڵ ئەو پرسانەدا بکەین کە دێتە سەر ڕێگامان.
بە تەمام هەر یەکسەر زوو بە زوو بۆ هێنانەدی ئەم ئامانجە بۆ گۆڕانکاریی و کردنی ڕیفۆرم دەست بەو پرۆسە سیستەماتیکە جیددیە بکەم.
بێگومان هەموو پێشنیار و بیرێکی ئێوە لەسەر ئەم مەسەلانە بەخێر دەهێنم.
ئەمانە ئەو پێشتریانەن کە حەز دەکەم لە هاوکاریەکی نێزیك بە ئێوەدا باسیان بکەم.
پلانم وایە سەردانی زۆربەی شوێنەکان بکەم تا بتوانم ئەو ڕێگایانە بخەمە ژێر باس و شەنوکەو کە بزووتنەوەکەمانی پێ ڕێك دەخرێن. بێگومان ئافرەتان و کۆچبەران و لاوانیش دەخەمە ناو ئەم باسەوە.
بە تایبەتی نەوەی نوێ کە هەوڵ دەدات لە ڕیگای کاری تۆر و دروستکردنی ئامرازی پێوەندیەوە بە دەستی خۆیان و بە هۆی بیری داهێنەرانە و هاوکاریئامێزیانەوە کاردانەوەی بەرانبەر بە کەڵەکەبوونی دەستەڵاتی جیهانیی، بەرانبەر بە هیرارشی پارتەکانمان و کۆمەڵگاکانمان هەبێت.
ئەوان دەتوانن زۆر شت لەبارەی شێوە چالاکیی کۆمەلیانە، چارەسەری هەرەوەزیانەی گیروگرفت و پێوەندی کۆمەڵیانە فێری ئێمە بکەن. منیش یەکێك لە کارە سەرەکیەکانی خۆم دەکەم بەوەی کە لەوانەوە فێر ببم.
چونکە ئەوەی ئەوان دەیڵێن ئەو خاڵە سادەیەیە کە دیموکراتی و دادوەریی کۆمەڵایەتیی خەباتێکی درێژخایان و بەردەوامە. ئەگەر دەستی لێ بەر بدەیت، دەفەوتێت.
دیموکراتیی بریتییە لە خەباتێ ڕۆژانە.
من کاتێك لاو بووم و باوکم زیندانیی بوو و باپیرەم لە ژێر چاوەدێریی ماڵدا هێڵرابووەوە ئەمەم دەزانی. ئەو کاتە من لە وڵاتی سوێد پەنابەر بووم، لە کاتی حوکمی سەربازییدا. من پێموابوو

دێینەوە بۆ یۆنان و بە تەنها دەبین کاتێك دەینێژین. بەڵام هەزاران، سەدان هەزار کەس هاتن بۆ بەخاکسپاردنەکەی. سەرەرای ترس لە دیکتاتۆریی، هاتبوون بۆ ئەوەی دەنگ بۆ دیموکراتیی بڵند بکەن.
دیموکراسیی خەباتێکی درێژخایان و بەردەوامە.
بۆ خەڵاتکردنی ئەوانەی لە پێناوی دیموکراسیی و دادوەریی کۆمەڵایەتییدا زۆر شتیان بەخشی و لە پێناوی بەردەوامبوونی بزووتنەوەکەماندا تەنانەت گیانی خۆیان بەخشی، پێم خۆشە بە ڕێزگرتن لە یەکێك لە ڕابەرەکانمان کۆتایی بەم ئاخافتنەم بهێنم.
ڕابەرێك کە لە وڵاتی پاکستاندا بێ وجان بۆ دیموکراسیی و دادوەریی کۆمەڵایەتیی تێ دەکۆشا.
ئێمە ئاسیف عەلی سەرداریی مێردی ئەو خانمەی کە ئامادە بوو ژیانی خۆی لە پێناوی وڵات و دیموکراسییدا دابنێت بەخێر دەهێنین.
با پێکەوە بە دەقیقەیەك بێ دەنگیی ڕێز لە خانم بێنەزیر بۆتۆ بگرین.
با ئەو خانمە لە هەموو تێکۆشانەکانیدا بهێنینەوە یاد، با خەباتی بێوجانی بێهەدەر نەڕووات.
برادەرانم، کاتی ئەوە هاتووە کە بەشێکی نوێ لە مێژوومان بنووسینەوە.
ئەم بەشە نوێیە هەر دەبێت لە ئێستاوە دەست پێ بکات.
سوپاستان دەکەم.

پرسیار بۆ خوێنەر:
١. بۆچی پاپائەندرو باسەکەی لە چواچێوەیەکی ئایدۆلۆژیکیدا دەهێنێت و دەبات؟
٢. پاپائەندرو ئاگایانە و بە وردیی ڕەووشتێکی کۆمەڵایەتی ڕۆژانە دەبەستێتەوە بە خەباتی سیاسییەوە کە بۆ ئەو لە ئایدیۆلۆژیی سۆسیلدیموکراتیدایە. ئەو ڕەووشتە و ڕاستگۆیی و وەفاداریی بەو ڕەووشتە لە کاری سیاسییدا چەند گرینگە؟ ئایا ناکرێت سیاسەت دەر لە ڕەووشت بکردرێت؟
٣. پاپائەندرو باس لە زۆر خاڵ دەکات وەکوو دەستپیسیی، گەندەڵیی، کەڵەکردنی دەستەڵات لە دەستی کەمینەیەکدا و هتاد کە کتومت خەسڵەتی سەرەکیی ڕێکخراوگەلێکن کە لە جیهانیی سێدا خۆیان بە جۆرێك لە چەپ دەناسێنن. ئایا پاپائەندرو لەوێدا چەند تاکتیکیە و بە قازانجی کێ و لەسەر حیسابی کێ؟
٤. تاکتیکبوونی پاپائەندرو و کەسایەتی ناو ئینتەرناسیونالی سۆسیالیست دەتوانێت چەند بەو بزووتنەوەیە زیانبەخش بێت؟
٥. ئایا پاپائەندرو بە شێوەیەك دەیەوێت بە گوێێ دەنگدەرانی ئەمەریکادا بچرپێنێت کە ئینتەرناسیونالی سۆسیالیست دەتوانێت لەگەڵ دیموکراتەکاندا هاوکاریی بکات؟ ئایا سیاسەتی ئەمەریکا، بەتایبەتی سیاسەتی دەرەکیی، بە پلەی یەکەم پێوەستە بە پارتی حاکمەوە یان ئەکتەری دیکە لە پشتیەوەیەتی؟
٦. پاپائەندرو باس لە کێشەی فەلەستین و قوبرس دەکات، بەڵام کوردستان نا. ئایا ئینتەرناسیونالی سۆسیالیست تا چ ڕادەیەك دەتوانێت پشتگیریی لە مافی چارەی خۆنووسینی نەتەوەی کورد بکات؟

وەرگێران و ئامادەکردنی
پارتی سۆسیالدیموکراتی کوردستان (ڕۆژهەڵات)